ژوری توێژینەوەکان

سیاسی، ئابوری و ستراتیجیەکان

# شیکاری سوات "SWOT"

# بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان

ئەنوەر کەریم

تشرینی دوەمی ٢٠٢٠

# شیکاری سوات "SWOT"

# بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان


نوسین و ئامادەکردنی: ئەنوەر کەریم

ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان_گۆشەی ئابوری

**Email: research.gorran@gmail.com**


تشرینی دوەمی ٢٠٢٠

## پێرست


پێشەکی ........................................ ٣

ئامانجی شیکاریەکە ........................................ ٣

نەوت و غازی هەرێمی کوردستان ........................................ ٤

لایەنی بەهێزی **Strength** ........................................ ٤

لایەنی لاوازی **Weakness** ........................................ ٧

لایەنی دەرفەتەکان **Opportunities** ........................................ ١١

مەترسیەکان **Threat** ........................................ ١٢

دەرئەنجام ........................................ ١٥

سەرچاوەکان ........................................ ١٦

## پێشەکی

شیکاری سوات SWOT Analysis: سوات کەرەستەیەکی شیکاریە بۆ هەڵسەنگاندنی (لایەنی بەهێزی–Strength، لایەنی لاوازی-Weakness، دەرفەتەکان-Opportunity و هەڕەشەکان Threats) پرسێکی دیاریکراو لەچوارچێوەیەکدا، وەک هەڵسەنگاندنی کارەکان، هەڵسەنگاندن بۆ فاکتەرە ناوخۆیەکان و فاکتەرە دەرەکیەکان و کاریگەرکانیان، هەروەها ئەو فاکتەرانەی کەدەبنە هۆی بەهێزی یان لاوازی لە داهاتودا.

شیکاری سوات دەکرێت بۆ؛ کۆمپانیا بچوک و مامناوەندو گەورەکانی بازرگانی، بۆ ڕێکخراوە مەدەنیەکان و ڕیکخراوە سیاسییەکانی نێو کۆمەڵگاو زۆر بواری دیکە، لە پێناو بەردەوامی و بەرەوپێشچونی ئەو ڕێکخراو و کۆمپانیا و سێکتەرە جیاوەزەکان.

ئەو لایەنەی شیکارییەکە دەکات، دەبێت کەسی یەکەمی یان تیمێکی تایبەتمەندی کۆمپانیاکە یان ڕێکخراوەکە بێت، ئەو کەس و تیمانەش پێویستە بەقوڵایی لە ناو کارەکەدابن و پسپۆڕی و شارەزایی لە هەمو بوارەکانی ئەو سێکتەرانەدا هەبێت، بۆ ئەوەی شیکارییەکە کاریگەری تەواوی هەبێت، بە ئەنجام و ئامانجی پێویست بگەن. بۆ دەستپێکردنی ئەم کارانە، شیکارییەکە دەبێت بەشێک بێت لەپلانی دامەزراوەکان و دەشبێت بە لایەنی کەمەوە هەر ٦- ١٢ مانگ جارێک هەڵسەنگاندن ئەنجام بدرێت.

## ئامانجی شیکاریەکە

ئامانجی ئەم شیکاریە تەنها هەڵسەنگاندنی کارەکانی کۆمپانیایەکە یان ڕێکخراوەکەیە، بۆ ئەوەی پلانەکانی داهاتویان بە قازانجی زیاتر و بەرەو سەرکەوتنی زیاتر بڕوات .

لە شیکاری "سوات"دا بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان دەبێت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەگەڵ تیمەکانی گەڕان و هەڵکەندن و وەبەرهێنەران و لۆجستی و بەبازاڕکردن لە دەوری مێزیک کۆببنەوە، لایەنی بەهێزی و لاوازی و دەرفەتەکان و هەڕەشەکان گفتوگۆی لەسەربکرێت، بۆ ئەوەی ڕێگا چارەی باش بدۆزنەوە بۆ گەشەپێدانی سێکتەرەکە.

## نەوت و غازی هەرێمی کوردستان

نەوت و غازی کوردستان یەکێکە لەسەرچاوە سەرەکیەکانی داهاتی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم کەرتە گرنگە زۆرترین سوود بەخەڵکی کوردستان بگەیەنێت. چونکە نەوت و غاز کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر پێگەی سیاسی و ئەمنی و جوگرافی هەرێمی کوردستان. بەشێکە لە سەرچاوەی وزەی جیهان بۆ گەشەپێکردنی ئابوری و بازرگانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە ناو جیهاندا. ئەمەش دەبێت هەر بەقازانجی خەڵکی کوردستان بێت. بۆیە مەبەست لەم شیکاریە ئەوەیە کە دارێژەرانی کەرتی نەوت و غازی کوردستان بتوانن کەموکورپیەکان بەرەو چاکردن ببەن، لەپێناو ئەوەی زۆرترین سوودی ئەم کەرتە بۆ خەڵکی کوردستان بێت، نەک بۆ حیزب و کۆمپانیا حیزبیەکانی هەرێمە بێت.

هەر کۆمپانیایەکی نەوت و غاز بگریت، لەسەرەتاوە کە دەستیان کردوە بە کارکردن لە پیشەسازی نەوت و غازدا، بێگومان بە کۆمەڵێک ئاستەنگ و بەرزی و نزمیدا ڕۆیشتون، تا گەیشتونەتە ئەم ئاستەی ئێستایان، هەندێکیان لەوانەیە نەیانتوانیبێت هەتا ئێستا بەردوامبن و دوچاری مایە پوچبوون هاتون، هەندێکی دیکەشیان هەتا ئێستا بەردەوامن. هەندێکیان توانیویانە بەتەواوی کۆنترۆڵی نەوت و غازی جیهان بکەن. لەنمونەی BP بەریتانی و Exxon Mobil ئەمریکی و Shell و Total وە ئارامکۆ سعودی.

## لایەنی بەهێزی Strength

١. هەرێمی کوردستان، لەساڵی ٢٠٠٧ لەپەرلەمانی کوردستان یاسای نەوت و غازی پەسەند کرد. ئەم یاسایە، حکومەتی هەرێمی دەستکراوەکرد، هەموو مافێکی دا بە حکومەت کە دەسەڵاتی تەواوی هەبێت، وەک وڵاتێکی سەربە خۆ، سامانە سروشتیەکەی بەکاربهێنێت بۆ گەشەپێدانی ناوخۆ و یارمەتیدەر بێت بۆ بەهێزکردنی ژێرخانی ئابوری کوردستان و ببێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی کوردستان، دوای ئەوە پێویستی بازاڕ وایکرد، وەبەرهێنەران ڕووبکەنە هەرێمی کوردستان، وەبەرهێنانێکی زۆری تێدا بکەن، گەشەی ئابوری لەو ساڵانەدا

بەڕادەیەکی باش گەشەیکرد، ئەمەش خاڵێکی بەهێزبو بۆ کەرتی نەوت و غازی هەرێم.

یەکێک لە کێشە گەورەکانی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵی عێراق، هەتا ئێستا، نەبونی یاسای نەوت و غازی فیدڕاڵیە، دوای پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی عێراق لەساڵی ٢٠٠٥، دەبوایە یاسای نەوت و غاز تێپەڕاندرایە. نەبونی ئەم یاسایەش بوەتە کرۆکی کێشەکان لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ. چۆنیەتی پەرەپێدانی نەوت و غاز، بە پێی دەستوری عێراق خراوەتە ئەستۆی هەردوو حکومەتی فیدڕاڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکان بە هاوبەشی. نەبونی ئەم یاسایەش، بۆتە هۆی نانەوەی کێشە لەنێوان هەرێم و عێراقدا. لەوەش ناچێت، ئەم یاسایە بەئاسانی تێپەڕێندرێت لە پەرلەمانی عیراقدا، بۆیە دەرکردنی یاساکە لایەنی بەهێزە بۆ کەرتی نەوت و غاز.

٢. حکومەتی هەرێم لە ٩ کێڵگەی بەرهەمهێنانی نەوت لە کوردستاندا، ڕۆژانە نزیکەی ٥٠٠ هەزار بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنێت، کە ١٧٠ هەزار بەرمیلی ئیدارەی خۆماڵیە، لەلایەن کۆمپانیای کار گروپەوە بەرهەمدەهێنرێت، نەوتەکەی تریش لەلایەن کۆمپانیا بیانیەکانەوە بەرهەمدەهێنرێت، ئەمەش واتە دەرهێنانی نەوت و فرۆشتنی لەبازاڕەکانی جیهان، ئەمەش خۆی لەخۆیدا بەهێز بۆ کەرتی نەوت و غازی کوردستان دەژمێردرێت. غازی کوردستان لە ئیستادا ڕۆژانە نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن پێ سێجا بەرهەمدەهێنرێت و دەدرێت بەویستەگەکانی دروستکردنی کارەبا بۆ بەرهەمهینانی کارەبای نیشتمانی.

٣. دروستکردنی داهاتی نەوت و غاز بۆ خەڵکی کوردستان، بووەتە خاڵی بەهێز لە کەرتی نەوت و غازدا. ئەمەش وایکردووە پێویست ناکات حکومەتی هەرێم، بودجەیەکی زۆر بۆ هاوەردەکردنی ووزە خەرج بکات لە کوردستاندا.

٤. غازی کوردستان لەئێستادا ساڵانە پارەیەکی باش دەگەڕێنێتەوە هەرێمی کوردستان، لەئەنجامی ئەوەی وەک سەرچاوەی دابینکردنی وزە، بۆ کارەبای هەرێم بەکاردەهێنرێت.

- **لەسەر ئاستی حکومەتی فیدڕاڵ**

دەرهێنانی نەوت لە کوردستاندا، بەغداد ناچار دەکات وەک هێزێکی بەرجەستەی خاوەن ئابوری مامەڵە لەگەڵ هەرێمدا بکات، ئەگەر گەندەڵی وکێشەکانی کەرتی نەوت و غاز چارەسەربکرێت ئەوا لە ڕوی ئابوریەوە هەرێم دەتوانێت خۆی بژێنێت و پشت بەخۆی ببەستێت، وەک فاکتەرێکی بەهێز هەرێم بەغداد ناچار دەکات، داوا ڕەواکانی کورد جێبەجێبکات .

- **لەسەر ئاستی هەرێمی**

نەوتی کوردستان توانیویەتی پەیوەندیەکی باش دروستبکات بۆ هەرێی کوردستان لەگەڵ تورکیادا. بەڵام نەتوانراوە ئەم پەیوەندییە بە نیشتمانی بکرێت. دەکرێت ئەم پەیوەندیە ببێت بە هۆی سەقامگیری زیاتر لە ناوچەکەدا. سیاسەتیکی بێلایەنی لەسەر بنیاد بنرێت و زیاتر لە قازانجی خەڵکانی ناوچەکە بێت، نەک لە بەرژەوەندی چەند لایەنێکی دیاریکراو.

- **لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**

هاتنی کۆمپانیای نەوتی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان، وەبەرهێنانیان لە کوردستاندا دەبێتە دەستخستنی پشتگیری سیاسی بۆ هەرێم لە لایەن کۆمپانیاکان و دەوڵەتەکانیانەوە، چونکە دەتوانرێت نەوت و غاز بفرۆشرێت بە دەوڵەتە زلهێزەکانی دنیا، وەک چەکێکی دیبلۆماسی بەکاربهێنرێت لە پێناو دەستخستنی پشتیوانی. ئەمەش تا پێش ڕیفراندەمەکەی هەرێمی کوردستان بەباشی بەرجەستە بوو بوو، بەڵام دوای ئەنجامدانی ڕیفراندەمەکەی ساڵی ٢٠١٧ دۆخەکە بەزیانی گەورە بەسەر هەرێمی کوردستاندا شکایەوەو ڕوی لە لاوازی کرد لە ڕوی دیبلۆماسیەوە.

## لایەنی لاوازی Weakness

لە کەرتی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان، خاڵی لاواز زۆرە، وەک ئەمانەی خوارەوە؛

١. دانەمەزراندنی کۆمپانیایەکی نیشتمانی بۆ نەوت و غاز. کە هەموو چالاکیەکانی ئەم سیکتەرە بگرێتە خۆی هەر لە گەڕان و هەڵکەندن و بەرهەمهێنان و گواستنەوە و بەبازاڕکردن. پالاوگەکان و پیترۆکیمیاوی و پەینە کیمیاویەکان بگرێتەوە، چونکە ئەم کۆمپانیا نیشتمانیە دەتوانێت بەشی زۆری بودجەی هەرێم پڕ بکاتەوە.

٢. تا ئێستا هەرێمی کوردستان داتایەکی راستەقینەی نیە بیسەلمێنێت کە یەدەگی نەوتە خاوەکەی چەندە؟ تەنها وەزارەتی سامانە سروشتیەکان نوقڵانەی ئەوە لێدەدەن یەدەکی نەوتی کوردستان ٤٥ ملیار بەرمیلە، بەبێ ئەوەی پشتراستکرابێتەوە لەلایەن ڕێکخراوێکی سەربەخۆوە یان کۆمپانیایەکی سەربەخۆی جیهانی، ئەمەش وایکردوە کە وەبەرهێنەرە گەورەکان دور بکەونەوە لە کوردستان، پێویستە هەرێمی کوردستان دوا لەڕێکخراوی ئۆپێک بکات، بە حوکمی ئەوەی کوردستان تائێستاش بەشێکە لە عێراق، ڕوپێویکی ڕاستەقینە بکرێت بۆ یەدەگی نەوت و غازی کوردستان تا بەرچاو ڕونیەکی زۆر هەبێت و بتوانرێت پلانی ستراتیجی بۆ ئەو سێکتەرە دابڕێژرێت.

٣. خراپی کۆنتراکتەکانی نەوت و غاز کە بەشێوەی گرێبەستی هاوبەش (PSA) کراوە لەگەڵ کۆمپانیا بیانیەکاندا، ئەمە بەشێکی زۆری دەڕوات بۆ کۆمپانیاکان لەروی هەقدەست و شایستە دارایەکانیان و خەرجیەکانی تر، کۆنتاراکتەکان لە ژورە تاریکەکاندا کراوە بەبێ ئەوی تیمێکی شارەزاو شەفافانە گرێبەستەکانیان بڵاوکردبیتەوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی زیان بەداهاتی نەوت وغاز لە هەرێمی کوردستاندا بگەیەنێت و بۆتە هۆی ئەوەی بەشی کەمی بگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی وەزارەتی دارایی.

٤. گرفت لە کۆنتاراکتەکە هەیە کە لەگەل تورکیادا، کە ئەم کەرتە گرنگە تەنها چەندکەسێک لە کوردستاندا ئاگاداری وردەکاریەکانن، پەیمانی درێژخایەنیان لەگەل تورکیادا بەستوە، زۆر ناشەفافە، ڕاستکردنەوەی ئەو هاوپەیمانیە لەگەڵ تورکیادا تەنها لەدەستی عێراقدایە.

٥. گەندەڵێکی زۆر هەیە لەم کەرتە گرنگەدا، کە ئابوری هەرێمی کوردستانی پێوە وابەستەکراوە. گەندەڵی هەر لە شیرینی گرێبەستەکاندا، هەر لە هەرزان فرۆشتنی نەوتەکە و گواستنەوەی نەوت و گەڕانەوەی پارەی نەوتەکە، گۆڕینەوەی بۆ دراوی عێراقی، ئەمەش بۆتە هۆی نادادپەروەریەکی زۆر لەدابەشکردنی داهاتدا، بەهۆی کەمی داهاتەکەوە زیانی بە ژێرخانی ئابوری هەرێم گەیاندوە، کەرتی پەروەردە و کەرتی تەندروستی بەتەواوی لە ژێر هەرە شەدان، پرۆژەکانی ڕێگاوبان نەیتوانیوە سوود لەم داهاتە وەربگرن.

٦. ئەو کۆمپانیایانەی کەلە کوردستان کاردەکەن کۆمپانیای بچوک یان مامناوەندین واتە (Medium or Small Operator)، ئەمەش وایکردوە لە کاتی قەیرانی دارایی، یان دابەزینی نرخی نەوتدا، بوەستن لە وەبەرهێنان، لەبەرئەوەی سەرچاوەی دارایی پێویستیان لەبەردەستدا نیە. جگەلەوەی خاوەنی تازەترین تەکنەلۆجیا نین، وەک کۆمپانیای (Exxon Mobil) ئەمریکی، ئەمەش وایکردوە پرۆسەی دەرهێنانی نەوت، لە هەرێمی کوردستان زۆرخاو بێت و دوابکەوێت، چونکە بەقسەی ئاشتی هەورامی وەزیری پێشوی سامانە سروشتیەکان، دەبوایە لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ دا هەرێمی کوردستان ڕۆژانە یەک ملیۆن/بەرمیل نەوتی بەرهەم بهێنایە، هەمو دەبینین ٤ ساڵ دوای ئەوە هەرێم لەنیوەی ئەو بەڵێنەی ئاشتی هەورامی نزیکبووەتەوە.

٧. غازی کوردستان زۆر دواکەوتوە لە بەرهەمدا، ئەو ڕێککەوتنە ستراتیجیەی کە لەساڵی ٢٠٠٧ دا کراوە لەگەڵ دانا غاز و هاوبەشەکانیدا رێکەوتنێکی زۆر خراپە، دەرهێنانی غازی سروشتی بەرامبەر بە کۆندێسەیت و غازی LPG، بە خۆڕایی بۆ وەبەرهێنەران بێت. بەرامبەر بەدەرهێنانی غازی سروشتی بە خۆڕایی بۆ حکومەتی هەرێم. ئەمەش لاوازی ئەو ڕێکەوتنەیە، هەتا ئێستاش بەرهەمی ڕۆژانەی نزیکەی ٦٠٠ ملیۆن پێ سێجا یە لە ڕۆژێکدا، ئەگەر سیاسەتی خراپی ئاشتی هەورامی نەبوایە دوای ١٢ ساڵ، دەبوایە ڕۆژانە بەرهەمی غاز زۆر زیاتر بوایە، چونکە چەند ساڵێک بە هۆی کێشەکانەوە کۆمپانیاکان وەستان لە کارکردن، بەمەش ساڵانە زیانی

به ملیاران دۆلار له بودجەی وڵاتدا، بەهۆی کڕینی  غازۆیل بۆ پەیداکردنی ووزەی کارەبا، بۆ وێستەگەکانی کارەبای هەرێم. ئەمەش زیانی گەورەی گەیاندوە بە کەرتی کارەبا، چونکە کێشەی کارەبا هەر چاک نەبوە هەتا ئەم کاتەش. هاوکات کەمی داهاتی کارەبا، بووە بە زیان بۆ بودجەی وڵات.

٨. دانانی کەسێک لەسنوری ناوچەکانی دەرهێنانی غازی سروشتی کە بەرپرسی یەکەم بێت لە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، بەرامبەر بە سەرچاوەی غازی سروشتی، بۆ ئەوەی بەربەست بۆ کارکردن لەم سامانە سروشتیەدا دروست نەبێت و بۆ کێشمە کێشی سیاسی بەکارنەهێنرێت.

٩. بە هۆی بونی ئەم کەرتەوە ئابوری کوردستان فرە ڕەهەند نەکراوە، بۆیە لەکاتی دابەزینی نرخی نەوتدا هەرێم تووشی قەیران دەبێت.

١٠. دانەمەزراندنی سندوقی سامانی نیشتمانی بۆ ئەوەی پارەی پیترۆ دۆلاری ئەو ناوچانەی کە نەوتی تیا دەردەهێنرێت بەلایەنی کەمەوە تیا هەڵبگیرێت.

**لە سەر ئاستی هەرێم و حکومەتی فیدڕاڵ**

دەرهێنانی نەوت زیانی گەورەی گەیاندوە بە پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی فیدراڵدا، لە ئەنجامی ڕێکنەکەوتن، تاگەیشت بەوەی کە بەشە بودجەی عێراق بۆ کوردستان ببردرێت، بەهۆی سەربەخۆ فرۆشتنی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستان و ڕێکنەکەوتن لەگەڵ حکومەتی فیدڕاڵ. ئەمەش؛

١. وایکردوە نەوتی کوردستان هەرزان فرۆشبکرێت.

٢. بوە هۆی ئەوەی کەموچەی فەرمانبەران ببڕێت لە لایەن عێراقەوە.

٣. بوە هۆی ئەوەی حکومەتی هەرێم دەستبکات بە پاشەکەوتی موچە، یاخود بڕێک لەموچە ببڕێت کە هیچ پاڵپشتێکی یاسایی نیە . ئەمەیان زۆر خراپبوو، چونکە چینی فەرمانبەران زیانی گەورەیان پێگەیشتوە، ئەمەش سەریکێشاوە بۆ پاشەکشەی بازاڕو لاوازی خەرجی بەکاربردن و خەرجی وەبەرهێنان. پاشەکشەی چێنێکی مامناوەندی گەورە لە کۆمەڵدا بەرەو ئەوەی دوو چین لە کۆمەڵگا دروستبێت و چینی

ناوەڕاستی کۆمەڵگا بەرەو نەمان بڕوات. گەشەی ئابوری تووشی پاشەکشەکردوە. دوور نیە خەباتی چینایەتی دروستبێت لە ناو کۆمەڵگادا.

٤. قەرزارکردنی حکومەتی هەرێم کە هەتا مانگی ١٠-٢٠٢٠ قەرزاکانی حکومەت گەیشتۆتە نزیکەی ٣١.٥ملیار دۆلاری ئەمریکی.

٥. هەلی کار لەم کەرتەدا زۆر کەم دروستکراوە بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان، وەک پێویست کۆمپانیا بیانیەکان کۆرسی ڕاهێنانیان نەکردوتەوە، بۆ دەرچوی پەیمانگاکانی نەوت و خەڵکی کوردستان دانەمەزراون.

**لە سەر ئاستی حکومەتی فیدڕاڵ**

غازی کوردستان لە گەڵ عێراقدا بازرگانی پیوەبکرێت باشترە وەک ئەوەی بڕواتە دەرەوەی کوردستان کە پرۆژەیەکی زەحمەتە. تەنانەت دوای ئەوەش کە لەتورکیا تێدەپەڕێت، کێشەی تەکنیکی و یاسایی زۆری هەیە بۆ ئەوەی ئەو بۆریە بەو وڵاتانەدا بڕوات تادەگاتە ئەوروپا، بەرەوام پرۆژە هەیە بۆ هەناردەی غاز بۆ ئەوروپا. بۆ نمونە پرۆژەی غازی ئیسرائیل هەیە کەلە چەند ساڵی داهاتوودا تەواو دەبێت، بۆیە ئاسانترە بۆ هەرێـم کە غازەکەی بفرۆشیت بە حکومەتی عێراق کە غاز لە ئێران زۆر بەگرانتر دەکڕێت، ئەو بازرگانیە بۆ کوردستان بێت باشترە لەگەڵ عێراقدا.

**لە سەر ئاستی هەرێمی**

بۆری هەناردەی نەوت و غازی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای تورکیاوە، ئەمەش خاڵێکی لاوازە. بۆیە ڕێککەوتن لەگەڵ عیراقدا و هەناردە کردنی غاز بۆ ناوخۆی عێراق هەرزان تر دەکەوێت بۆ هەرێمی کوردستان و بازاڕێکی زۆر باشە. کێشەی یاسایی و سیاسی نابێت، لە ڕووی تەکنیکیەوە بۆ ناوخۆی عێراق زۆر ئاسانترە وەک لەوەی لەرێگای تورکیاوە بڕوات بۆ ئەوروپا. هەناردەکردنی غاز لە ریگای بۆری جیهانەوە بوەتە خاڵێکی لاواز. بۆیە تورکیا هەرکاتێک بیەوێت دەتوانێت ئەمە وەک کارتی فشار دژی حکومەتی هەرێم بەکاربیهێنێت، پێگەی خۆی لە ناو خاکی کوردستاندا لە ڕووی سەربازیەوە زیاتر

جێگیربکات. بۆ نمونە کاتی ریفۆراندەم تورکیا هەڕەشەی وەستاندنی هەناردەی نەوتی هەرێمی دەکرد.

## لایەنی دەرفەتەکان Opportunities

١. لەیاسای نەوت و غازی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٧دا هاتوە بۆ دامەزراندنی کۆمپانیای نیشتیمانی نەوتی کوردستان (KNOC)، بەڵام تائێستا ئەم کۆمپانیایە دانەمەزراوە، هەرچەندە بەشی حکومەتی هەرێم لە زۆربەی کێڵگەکانی نەوتی هەرێمدا لە کۆنتراکتەکاندا ٢٠%ە، بەڵام KNOC دەتوانێت ببێت بە بەرپرسی کێڵگەکانی تر کە لەدوایدا دەدۆزرێنەوەو دەتوانێت پەرەیان پێبدات، تا پشکی زیاتریان هەبێت.
٢. دەبێت کاری زیاتر بکرێت لەکەرتی باڵادەستدا (UP Stream)، واتە لە بواری گەڕان و هەلکۆڵیندا. تا کۆمپانیای تازە بێنە کوردستانەوەو دەستبکەن بە بەرهەمهێنان بۆ زیادکردنی بەرهەمی نەوت.
٣. پەرەپێدانی کەرتی خوارو دەستی نەوت (Down Stream)، کە بریتییە لەو پیشەسازیانەی کە نەوت و غازی سروشتی، وەک مادەیەکی سەرەکی بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە پاڵاوگەکان و کارگەی پیترۆ کیمیاوی.
٤. دامەزراندنی کۆمپانیای (KODO)، ئەم کۆمپانیاش پێوسیتە ببێتە بەرپرسی کەرتی خوارو دەستی نەوتی کوردستان، دەبێت وەزارەتی سامانە سروشتیەکان لەگەڵ کەرتی تایبەتدا ڕێکبکەون بۆ دروستکردنی پاڵاوگەی گەورە و بەقەبارەی گەورەو کوالێتی بەرز بەرهەمبهێنن، چونکە بەردەوام خواست لەسەر وزە هەیە.
٥. کۆمپانیای (KOMO) دابمەزرێت کە بەرپرس بێت لە فرۆشتن و بەبازاڕکردنی نەوتی هەرێم، وەک کۆمپانیای سۆمۆی عێراقی. نەک دەلاڵێک نەوتی کوردستان بفرۆشێت. کە خۆی خەڵکی کوردستان نیە هیچ وەلایەکی بۆ نیشتمان و گەلەکەی نیە.
٦. لە چەند ساڵی ڕابردودا، بەسەدان کارگەی پیشەسازی لە هەرێمـی کوردستاندا دامەزراون. زۆر لەو پیشەسازیانە مادە سەرەکیەکانیان، مادە پیترۆکیمیاویەکانە کە لە پرۆسەی بەکارهێناندا بەکاردەهێنرێن. تا ئێستا ئەم مادانە لەدەرەوە هاوردە دەکرێن. بۆیە دامەزراندنی کارگەی پیترۆ کیمیاوی بۆ کوردستان پێویستە، کارگەی

پیترۆکیمیاوی، دەتوانێت دەرفەتی باش بۆ کەرتی پیشەسازی بڕەخسێنێت، بەهۆی ئەوەی لەهەرێمی کوردستان غازی سروشتی هەیە و یارمەتیدەر دەبێت بۆ بەگەڕخستنی پڕۆسەکانی کارگەی پیترۆکیمیاوی. هەروەها پەینە کیمیاویەکان کە بەرهەمێکی دیکەن زۆر بەفراوانی لە کەرتی کشتوکاڵی هەرێمدا بەکاردەهێنرێن. بەرهەمهێنانی پەینە کیمیاویەکان رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت، بۆ پاڵپشتکردنی کەرتی کشتوکاڵ. ئەمەش دەبێت هۆی دابینکردنی ئاسایشی خۆراک لە هەرێمدا.

هەرچەندە دامەزراندنی پاڵاوگەی گەورە، دامەزراندنی کارگەی پیترۆکیمیاوی بە ملیارەها دۆلاری دەوێت، ئەمە دەبێت کەرتی تایبەت ئەم کارە بکات. بەڵام حکومەت دەتوانێت پاڵپشتی بکات و بەسەدان هەلی کار دەڕەخسێنێت. حکومەت دەتوانێت باج وەربگرێت لەم کۆمپانیا گەورانە.

٧. دامەزراندنی سندوقی داهاتە نەوتیەکان، کۆکردنەوەی پارەی پیترۆ دۆلار لەو ناوچانەی کە نەوتی لێ بەرهەمدەهێنرێت بۆ ئەوەی پارەکە لەو شوێنەدا خەرجبکرێت، داهاتی سندوقەکە لەرێگای بانکە گەورەکانەوە، دەتوانرێت وەبەرهێنانیان پێبکرێت، وەک سەرچاوەیەکی تری پەیداکردنی داهات.

٨. زیادکردنی داخوازی بۆ نەوت و غاز لەکاتی گەشەی ئابوری جیهاندا، ئەمەش دەرفەتیکە لەدەرفەتەکان بەردەوام کراوەیە، لەکاتی بەرزبوونەوەیاندا دەبێتە هۆی زیادکردنی داهات.

## مەترسیەکان Threat

١. (Effective financial management ) بەرێوبەرایەتی دارایی کاریگەر نیە لەلایەن وەزارەت و حکومەتەوە بۆ ئەوەی کەمو کورپییەکان پرپبکرێتەوە لەکاتی قەیراندا.

٢. High Success rate in exploration and production up stream projects) تائێستا لە کێڵگەکانی کوردستان زۆربەی جار یەدەگی نەوتەکان بە هەڵە خوێندراوەتەوە، وادەرنەچوە. چەندین کۆمپانیا نەیانتوانیوە

تەنانەت نەوت بدۆزنەوە لە کێڵگەکانی نەوتدا وەک کۆمپانیای Sterling ENERGY بەریتانی لە سەنگاو و پاشەکشەی کرد لە کوردستان،(Afrin PLC) کەکۆمپانیایەکی تری بەریتانی بوو بەهۆی کوردستانەوە مایە پوچبوو بەتەواوەتی.

٣. حکومەت ناتوانێت پارەی زیاتری دەستبکەویت لە بەرمیلێکدا بە هۆی گەندەڵی زیاتر و ناشەفافی و خراپی کۆنتراکتەکانەوە، وەک حساباتی(EBIDTA) کەوردبینی تەواو ناکرێت. کۆمپانیاکانی وەبەرهینانی نەوت پارەیەکی زۆر دەتوانن لابەرن بۆ خۆیان بە هۆی فێڵکردن لە حساباتی خەرجکردندا. بەمەش بەردەوام داهات لە مەترسیدایە، ئەگەر چاو نەخشێنرێتەوە پێیاندا.

٤. (Investing in alternate Energy resources ) وەبەرهێنان لە سەرچاوەی وزەی تردا وە ک وزەی باو وزەی خۆرو وزەکانی تر، ئەمەش دەبێتە مەترسی بۆسەر کەرتی وزەی جیهانی وزەی کوردستان. بۆیە بۆ چەندین ساڵی تر ووزەی پاک دەبێت بە هەڕەشە لەسەر کەرتی نەوت بۆ نمونە (BP) بەریتانی لە ماوەی دە ساڵی داهاتودا لە ٤٠ % بەرهەمی نەوتی کەمدەکاتەوە وەبەرهێنان لەووزەی نوێدا دەکات.

٥. (The oil is available infinite but is costly) کاتێک کە بیرەکان نەوتیان تیایە، بەڵام زۆر لەقوڵایدان، ئەمەش لەکاتی دەرهێنانیدا تێچوی زۆر دەبێت. چۆن هەندێک بیری کوردستان نەوتی تیا ماوە، بەڵام زۆر لە قوڵایدایەو دەرهێنانی تێچووی زۆرە.

٦. لە ڕوی جوگرافیاوە هەرێمی کوردستان، وڵاتێکی داخراوەو لە ڕوی جیۆ سیاسیەوە کوردستان بەردەوام کێشەی هەیە لەگەڵ وڵاتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر ئەوەی دەبێت باجێکی زۆر بدرێت بەو وڵاتانە. بۆیە هەمیشە کەرتی وزەی کوردستان، لە بەردەم هەرەشەدا دەبێت.

**له سەر ئاستی ناوخۆی کوردستان**

١. دەستگرتنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەر کەرتی نەوت و غاز له کوردستاندا. بۆته هۆی ئەوەی ململانێ سیاسیەکانی ناو هەرێمی کوردستان زیاتر قووڵ بێتەوه، بەتایبەتی لەگەڵ یەکێتیدا، که داوای بەشی زیاتر دەکات، هەندێک جار خەریکه ململانێکان بەرەو پێکدادانی سەربازی دەڕوات، بەتایبەتی له کاتی قەیرانی دارایدا.

٢. دروستنەکردنی سندوقی داهاته نەوتیەکان. مەترسیەکه بۆ نەوەکانی داهاتوو. هەرچەنده ئەمه بوه به یاسا لەساڵی ٢٠١٥ وه له پەرلەمانی کوردستاندا. بەڵام تائێستاش جێبەجێنەکراوه.

**لەسەر ئاستی حکومەتی فیدڕال**

له بەرئەوەی پارتی بەشیوەیەکی گشتی دەستیگرتوه بەسەر کەرتی نەوت وغازدا، ڕێککەوتنەکان لەگەڵ عێراقدا دەبێت له لایەن پارتیەوه بڕیاری لەسەر بدرێت، بۆیه هێزەکانی تر ناتوانن کێشەکان یەکلایبکەنەوه. ئەمەشدەبیت به خاڵێکی لاوازه بۆ میللەت و هێزه سیاسیەکانی تری کوردستان.

**لەسەر ئاستی هەرێمی**

تورکیا دەتوانێت کاریگەری تەواوی هەبێت له ڕێگای پارتیەوه، چونکه ئەوان ڕێککەوتنیان کردوه لەگەڵ پارتیدا، بۆ ڕێکەوتن له گەڵ عێراقدا تورکیا کاریگەری تەواوی هەیه. بۆیه ڕێککەوتن لەگەڵ عێراقدا بۆ نەوت و غاز شتێکی مەحاڵە، ئەمەش له بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا نیه .

**لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی**

هەمیشه هەڕەشه هەیه لەسەر نرخی نەوت به هۆی فاکتەره ئابوری و سیاسیەکان که له جیهاندا ڕودەدەن. بەرهەمهینەره گەورەکانی نەوت و بازرگانەکانی نەوت، دەتوانن کاریگەری تەواویان هەبێت لەسەر دانانی نرخی نەوت.

## دەرئەنجام

سەرەڕای بونی ئەم دو سەرچاوە سروشتیە گەورەیە لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا، بەڵام بەردەوام هەرێمی کوردستان، بەدەست چەندین کێشەی ئابوری و داراییەوە دەناڵێنێت. ئەمەش دەریدەخات کەهەرێم کێشەی زۆری هەیە لەئیدارەدان و بەڕێوەبردنی ئەم سامانە سروشتیەدا. لێرەوەیە کە زۆر جار خەڵکی هەرێمی کوردستان دەڵێن نەوت بۆ هەرێم بوە نەفرەت نەک نیعمەت. بەتایبەت لەو کاتەوەی نەوت بەسەربەخۆی فرۆشرا، لە ئازاری ساڵی ٢٠١٤ لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. لەوێشەوە بەشە بودجەی هەرێم لەبەغداوە بڕاو ئیتر کێشەو قەیرانی دیکەی بەدوای خۆیدا هێنا، بەتایبەت بۆ خەڵکی کوردستان. وەک نەدانی موچەی فەرمانبەران لەکاتی خۆیدا، لەوکاتەوە هەتا ئێستا ٣٤ موچەی فەرمانبەران پاشەکەوت کراوە، بە لێبڕینەوە. هاوکات ١٢ موچەی تەواوی فەرمانبەرانیش نەدراوەو پاشەکەوتکراوە. ئەوە جگە لە وەستان و تەواونەکردنی پرۆژەی خزمەتگوزاریەکان، لەگەڵ زیادبونی رێژەی بێکاری و لاوازبونی جوڵەی بازاڕو کەمبونەوەی خەرجی بەکاربردن و کەمبونەوەی وەبەرهێنان لەهەرێمی کوردستان ئەمانەش هەمو سێکتەرەکانی ئابوری لەهەرێمی کوردستاندا لاواز کردوە. دواجار دەرئەنجامی ئەم پرۆسەیە نیشانەی ئەوەیە کە کەرتی نەوت وغازی کوردستان کەموکوڕی زۆری تیادایە، بەشێوەیەکی سەرکەوتو نەبراوەبەڕێوە. بۆیە پێویستە بەزوترین کات پێداچونەوەو چاکسازی لە بەڕیوەبردنی ئەم سێکتەرەدا بکرێت.

## سەرچاوەکان


1. Dan Shewan How to Do a SWOT Analysis for Your Small Business (with Examples), at the site:
https://www.wordstream.com/blog/ws/2017/12/20/swot-analysis
2. Beyond the cycle: which oil and gas companies are ready for the low-carbon transition?, at the site:
https://www.cdp.net/en/investor/sector-research/oil-and-gas-report?cid=339137118&adgpid=51867912379&itemid=&targid=kwd-294748450056&mt=b&loc=9069865&ntwk=g&dev=c&dmod=&adp=&gclid=Cj0KCQjwpNr4BRDYARIsAADIx9wgltmBn6j_hd7-jJI7U5PUoFxaBxfLJNNN3qRxquPHhAaqvCxaDcgaAsWAEALw_wcB
3. SWOT Analysis , How to Develop a Strategy For Success ,at the site:
https://www.mindtools.com/pages/article/newTMC_05.htm
4. How to Do a SWOT Analysis for Better Strategic Planning ,at the site:
https://articles.bplans.com/how-to-perform-swot-analysis/